بسم الله الرحمن الرحیم

پێشەکی وەرگێڕ:

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای گەورە، دروودو سڵاوی فراوانیش لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرو یارو یاوەران‌و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوای.

نووسین دەربارەی مێژووی ئیسلامیی مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ‌و هەستیارە، چونکە بریتی یە لە دەستنیشانکردن‌و خستنەڕووی قۆناغێك لە قۆناغەکانی، بە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە تیایدا ڕوویان داوە، ئاشکرایشە کە سەدەی یەکەمی کۆچی هەندێك ڕووداوی گەورەی لەخۆ گرتبوو، تەنانەت بە بیرو زەینی ئەوانەیشدا نەدەهات کە بەشداریان تیادا کرد، بژاردەی موسڵمانان تووشی هەندێك ڕووداوی سەخت بوون، بڕیاردان تیایدا لە ئەوپەڕی گرانی‌و ترسناکیدا بوو، چونکە هاوەڵان پێشتر ڕووداوگەلی لەو جۆرەیان پیا ڕەتنەبوو بوو، ئەگەرچی ڕواڵەتی هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان‌و چەند ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ هەبوو لەوبارەوە، بەڵام دیمەنەکە ئەوەندە ڕوون نەبوو لە پێش چاوی هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت)، کە بتوانن بە شێوەیەك مەسەلەکان یەکلابکەنەوە، دووبەرەکی دروست نەبێت و شەڕ بەرپا نەبێت لە نێوانیاندا.

هیچ کاتێکیش ڕێگە نەدراوە بەو موسڵمانانەی دوای ئەوان دێن، کە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربارەی ئەو ڕووداوانە بخەنە ڕوو، یان قسانێك بکەن لەگەڵ پلەو پایەی هاوەڵاندا نەگونجێت، چونکە ئەوان ـ سەرەڕای هەموو شتێك ـ مەزن‌و سەرگەورەی ئێمەن، گەر بێت‌و ئێمە ئەوەندەی کێوەکان ئاڵتوون ببەخشین لە پێناو خوادا، یاخود بە بێ وچان خەریکی نوێژو ڕۆژوو بین، هەرگیز فریای ئەوان ناکەوین، ئەمەیش ڕاستی یەکە ڕواڵەتی ئایەتەکان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ شایەتی لەسەر دەدەن، ئینجا خوای گەورە دەستمانی پاراست لە بەشداریکردن لە ئەو ڕووداوانە، ئایا ئێمە خۆمان نەپارێزین لە قسەیەك کە شیاو نەبێت لەو بارەوە بوترێت‌و لەوانەشە زیانی بۆ ئیمانمان هەبێت؟.

بەڵام هەندێك لەو مێژوونووسانەی کە بە هەواو ئارەزووی خۆیان قسەیان کردووە، گومڕایان پاڵی پێوە ناون کە سەدان لاپەڕە ڕەش بکەنەوە بە درۆو نیازی خراپ بەرانبەر ئەو هاوەڵە ئازیزانە، بە بێ ئەوەی هیچ ڕێزێك دابنێن بۆ کەسانێك کە یەکەمین هەڵگرانی ئیسلام و پشتیوانانی پێغەمبەرەکەی بوون‌و وەحی خوایش بەسەر ئەواندا دابەزیوە.

لە ڕاستی دا نووسین لە بواری مێژوو بە گشتیی بابەتێکی گەلێك وردە، پێویستە نووسەری ـ لە پێناو ئەوەی قسەکانی وەرگیراو بێت ـ لە ئەهلی سوننەتو جەماعەت بێتو شایەتی بۆ درابێت بە سەر ڕاستیی و زانست فراوانی و ڕاستگۆی، لە پاش هەموو ئەوانەش بە دڵسۆزی ناسرابێت بۆ ئیسلامو موسڵمانان، ئەو کەسانەش بە درێژای مێژوو هەمیشە بوونیان هەبووە، با ژمارەشیان کەم بوو بێت.

ئالێرەشەوە دەمەوێ ئاماژە بکەم بۆ ئەم کتێبەی دکتۆر (أكرم ضياء العمري) کە وەرمگێڕاوە لە زمانی عەرەبی یەوە، کە تیایدا باس لە قۆناغێکی هەرە گرنگو ترسناك دەکات لە مێژووی ئیسلام، لە ڕاستیشدا نووسەر نموونەی مێژوونووسی موسڵمانی بیروباوەڕ ڕاستە، ئەم کتێبەشی ـ لەگەڵ چەندین کتێبی تردا ـ لەسەر ڕێڕەوی فەرموودەناسان نووسیوێتی، واتە هەڵساوە بە لێکۆڵینەوەی هەواڵەکان لە ڕووی شیتەڵکردنەوەی کەسایەتی مێژوونووسەکانو گێڕەوانی هەواڵەکان، بۆیە منیش لەسەر داواکاری پرۆژەی (تیشك) هەڵساوم بە وەرگێڕانی کتێبەکە، کە هیوادارم ببێتە مایەی بڵاوکردنەوەی واتایەکی ڕاست دەربارەی ئەو قۆناغە مێژووی یەی ئیسلامو کەلێنیکیش لە کتێبخانەی کوردیی پڕ بکاتەوە، کە پێویستی زۆری هەیە بەم جۆرە کتێبانە، بەڵکو سەرەتاو هاندەرێکیش بێت بۆ کەسانی تر کە هەڵسن بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کە ڕاستی یە مێژووی یەکان دەخەنە ڕوو لە دیدی ئەهلی سوننەتو جەماعەتەوە.

چونکە ـ لە ڕاستی دا ـ مێژوو یەکێکە لەو بوارانەی دەستی شێواندنی پێگەیشتووە لە کۆنو نوێداو هەوڵی ڕاستکردنەوەی ڕووداوەکانو دووبارە نووسینەوەی مێژوو، هەڵمەتێکی گەورەی پێویستە، هاوکات لەگەڵ هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرانبەر خوای گەورەو موسڵمانانو ترسانیش لە مەحکوم کردنی خودی مێژوو بۆ ئەو کەسانەی هەڵوێستیان نەبووە لە ڕاستکردنەوەی واتاکاندا.

ئەوەشم لە یادناچێت ـ لە کۆتای ئەم چەند دێڕەدا ـ داوا بکەم لە خوێنەری ئەم بەرهەمە بپاڕێتەوە خوای گەورە پاداشتی چاکەی نووسەرو وەرگێڕی ئەم کتێبە بداتەوە، ئەوەش ئەوپەڕی هیواو داواکاریمە.

وصلى الله وسلم وبارك على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليماً كثيرا.

وەرگێڕ

ئیحسان بورهان نورەددین

کەلار - ٢٠٠٨/١٢/٢٨

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای خاوەن نیعمەت و چاکە، درووود و سلاوی بێپایانیش لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی.

سەردەمی خیلافەتی راشیدە درێژەپێدانێك بوو بۆ سەردەم و ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ، کاتێك کە بەها ئیسلامیەکان کاریگەریان هەبوو لە سەر خەڵکیی لە چالاکی یە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکاندا. هەروەها رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر مەسەلەی حوکمڕانیی لە رووی پەیوەندی بە نەتەوە لە لایەکەوە، ئینجا بە هێزە دەرەکیەکان لە لایەکی ترەوە. هەروەها کاریگەریشی هەبوو لەسەر هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا و بەهاکانی هەڵسوکەوت لەگەڵیدا لە رووی گوێڕایەڵی سنووردار بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شەریعەت و پاراستنی یەکڕیزیی نەتەوەی ئیسلام و شوورا و هەڵسان بە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە و کۆششکردنی تاك و کۆمەڵ بۆ هەڵێنجانی حوکمی شەرعیی لە قورئان و سوننەت، سەبارەت بەو رووداوە تازە و جۆراو جۆرانە بە تایبەت لە دوای بڵاوبوونەوە لە دەڤەرەکانی (الهلال الخصیب) و وڵاتی ئێران و میصر، کە بەرکەوتنیان هەبوو لەگەڵ هەندێ شارستانی رابردوو و چەند سیستمێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی رەسەن. ئەگەر (إجتهاد) نەبوایە نەدەکرا حوکمە شەرعیەکان دابەزێنرێنە سەر رووداوەکان. ئەگەر کرانەوەی بیروهۆش و گیانی ئیلهام نەبوایە سەرکردەکانی فتوحاتی ئیسلامی توانای هەڵسوکەوتیان نەدەبوو لەگەڵ کۆمەڵگا تازەکان و بەخشینی مۆرکی ئیسلامی بە ئەوان، هاوکات لەگەڵ پاراستنی پێشکەوتن لە بواری شارستانێتیی و ساختماندا، لە مێژوودا ئەوە باوە کە نەتەوە بیابانشینەکان دەتوێنەوە لە نێو ژیارە بەهێزەکاندا، تەنانەت ئەگەر ئەو نەتەوانە هەڵسن بە راماڵینی ئەو ژیارانەش، بەڵام بە خێرای پەیوەندی یەکانیان هەڵدەوەشێتەوە و گیانی بەرگریان تیا دەتوێتەوە و بە مۆری ژیانی تازەیان مۆر دەکرێن. بەڵام ئەوەی کە روویدا لەگەڵ سەرکردە موسڵمانەکان و نەتەوەکانی تر سوود بە یەکگەیاندن و ئاڵوگۆڕێکی بەهێز بوو، ئیسلامیش بە بەها و رۆشنبیری کراوەی کاریگەریی فراوانی بوو لە رووداني ئەو ئاڵوگۆڕەدا، بیروباوەڕی ئیسلامی و ئەو بەها و رۆشنبیریەی لێوە هەڵقوڵاون وایانکرد کە موسڵمانان کەسایەتی و بەها و زمان و رەوشت و مۆرکی ژیانیان بپارێزن و کۆمەڵگا تازەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بگۆڕن و وا بکەن ئاینی ئیسلام و زمانی عەرەبیی کە بووە زمانی وێژەی گشتیی و فەرمانڕەوای و سیاسیی و ئیداریی بە تەواوی رەنگ بداتەوە لە

نێویاندا ،بەشێوازێك كە پاش ماوەیەكی كەم زمانی عەرەبی زاڵ بووە بەسەر زمان و شێوەزمانە ناوخۆی یەكان.

موسڵمانان وا دەڕواننە سەردەمی خیلافەتی راشیدەكان وەكو نموونەیترین سەردەم پاش سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئەو ساتەی كە سەرانی هاوەڵانی نزیك لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانڕەوایان لە دەست گرتبوو، لەوانەی كە شایەتی رابردووی باش و چاكە و مژدەی چوونە بەهەشتیان بۆ دراوە، بە پاڵپشتی كۆمەڵێك لەو هاوەڵانەی كە قورئان باسی لەسەر راستیی ئەوانە كردووە، هەر ئەوانیش بوون كە بژاردەی سەركردایەتی بیر و سیاسەت و كارگێڕی و ئابووریی و فتوحاتیان پێكدەهێنا، ئەوانیش بوون كە هەڵسان بە گەیاندنی قورئان و سوننەت بە نەوەكانی دوای خۆیان، هەر بۆیە پێویست بوو لێكۆڵینەوە بكرێت بۆ ئەو هەواڵانەی لە ئەوانەوە پێمان گەیشتوون.

بێگومان شێوازی حوكمڕانیی و بەڕێوەبردنو ئاڕاستەكردن كە ئەوان هەڵسان بە رەچاوكردنی، لایەنی سیستمی ئیسلامی روونكردەوەو بوو بە نموونەیەك بۆ تێڕوانینی موسڵمانان لە هەموو نەوەكانی دوای خۆیانو بارودۆخی سەردەمەكانی خۆیانی پێدەپێون، هەروەها وەسفی دەكەن بۆ دەرخستنی لادانو ستەمو داڕووخانی بەها رەوشتیو كۆمەڵایەتیو سیاسی یەكانو بانگەشەی گەڕانەوە دەكەن بۆ ئەو نموونەی جێبەجێ بوو لە سەردەمی خیلافەتی راشیدەدا.

حوكمڕانیی لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوێتەی پێغەمبەرایەتی بوو، بەڵام بەو شێوازە نەما لە سەردەمی خەلیفە راشیدەكاندا، چونكە وەرگرتنی ئەوان بۆ دەسەڵات بە فەرمانێكی خوای، یان راسپاردەیەكی پێغەمبەر ﷺ نەبووە، بەڵكو خودی موسڵمانان هەڵسان بە هەڵبژاردنی ئەوانو پەیمان پێدانیان، تەنانەت ئەبو بەكر كە هەڵسا بە پاڵاوتنی عومەری كوڕی خەتتاب ((رەزای خوایان لێ بێت)) بۆ جێنشینیی پاش راپرسی بە سەرانی هاوەڵان، جێنشینی بۆ عومەر دانەمەزرا ئەگەر بەیعەتی موسڵمانان نەبوایە لە شاری مەدینە، دواتریش بەیعەتی لە فەرمانڕەواكان بۆ وەرگیرا لەسەرتاسەری دەوڵەتی ئیسلامی.

چوار خەلیفەكان بە تەواوی پەیڕەویان كرد لە ڕێنمای یە ئیسلامی یەكانو گرنگیان دایە مەسەلەی شوورا لەسەر ئاستی تاكو كۆمەڵ، بەڵام ئەنجومەنێكی هەمیشەیان بۆ دانەمەزران، بەڵكو زیاتر پەیوەست بوو بە هاوەڵە ناودارەكانی خاوەن پێشەنگو شارەزای، كۆمەڵانی خەڵكیش دانیان بەو پلەو پایە دەنا بۆ ئەو هاوەڵانە، بەڵام بەیعەت وەرگرتن بۆ خەلیفە كورت نەكرابووە سەر ئەواندا،

بەڵکو زۆری خەڵك بەشداریان دەکرد لە بەیعەتدانی گشتی لە مزگەوتدا پاش بەیعەتی تایبەت کە گەورە هاوەڵەکان دەیاندایە خەلیفە.

یەکێ لە گرنگترین ئەو دیاردانەی سەریانهەڵدا لە سەردەمی خیلافەت، بریتی بوو لە رێکخستنی کارگێڕییو سوپاو بەخشینو رێکخستنی ناوچە ئازادکراوەکان، بە تایبەت لەسەردەمی عومەر (رەزای خوای لێبێت).

سەبارەت بە گرنگترین رووداوەکانی ئەو سەردەمە خۆیان دەبیننەوە لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی دابڕانخوازەکانو گێڕانەوەی یەکڕیزیی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکری صدديق (رەزای خوای لێبێت)، کە دواتر رێخۆشکەر بوو بۆ رووداوی گەورەی دووەم کە بریتی بوو لە بزووتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی کە ئەو سەردەمەی سەرقاڵ کردو ئیمتیازی بڵاوبوونەوەی خێرای هەبوو لە دەڤەرەکانی (الهلال الخصيب)و ئێران و میصر، کە سەرکردە والآکەرەکان تیایدا سەرکەوتنە سەر ئیمپراتۆریەتی بێزەنتەو ساسانی یەکان، کە بە دوو هێزی هەرە گەورەی ئەو سەردەمە دێنە ئەژمار، زاڵبوونی شارستانیی کە خۆی لە شکۆمەندیی ئیسلامو زمانی عەرەبیدا دەبینی یەوە، گرنگ تر بوو لەو سەرکەوتنە سەربازیانەی خێرا بەدەست دەهێنرا، چونکە رێگای والآ کرد بۆ ئیسلامو زمانی عەرەبی تەشەنە بکات لە ناوچە ئازادکراوەکان تاوەکو ئەمڕۆ، بە پێچەوانەی ئەو فتوحاتەی ئەنجامدرا بە سەرکردایەتی هانیباڵو ئەسکەندەرو هۆلاکۆ لە رابردوودا، لە سەردەمی ئەمڕۆشدا بەریتانیاو ئیسپانیاو پورتوگالو هۆڵەندا شوێنپێی ئەوانیان هەڵگرت، چونکە سەرەڕای سەرکەوتنی سەربازیی ئەو هێزانە، بەڵام ئەوان هەرگیز نەیانتوانی ناوچە کراوەکان بتوێننەوە لە شارستانیی خۆیاندا، ئەگەرچی توانیان شوینەواری جیاجیا لە گرنگیدا بەجێ بهێڵن.

شوێنەواری کاریگەری فتوحاتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی دانیشتوان بەرەو ئیسلام لە رووی بیروباوەڕو شەریعەتو رەوشتەوە، فەرمانو ئامۆژگاری یەکانی ئیسلام پەلهاوێشتنە نێو هەموو لایەنە جیاجیاکانی ژیان، کاریگەریشیان هەیە لەسەر سروشتی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییو ئابووریی، بەهاکانی لێبوردن و دادگەریی و یەکسانیش شوێنەواری گەورەیان هەبوو لە راکێشانی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکانو یەکخستنیان لەگەڵ سەرکردەکان.

رووداوی ناوخۆیی گرنگیش بریتیی بوو لە رووداوو ئاژاوەی کوژرانی خەلیفەی سێ یەم عوسمانی کوڕی عەففان (رەزای خوای لێبێت). کە دەرەنجامەکانی زاڵبوویە سەر رووداوەکانی سەردەمی

خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (ڕەزای خوای لێبێت)، کە ڕووبەڕووی نەیارانی جۆراوجۆر بوویەوە لە جەنگەکانی جەمەلو نەهرەوان و صەففین، هەروەها شەهیدیش بوو بەرلەوەی دەوڵەتی ئیسلامی سەقامگیربێت لەسەر شێوازێك.

بێگومان ئەزموونی سیاسی کە هێشتا چل ساڵی بەسەردا تێپەڕ بووبوو خۆڕاگریی نوان لە ڕووی ئەو گەردەلوولە نالەبارەو بە ئەزموونێکی قورسو شارەزای یەکەوە لی دەرچوو، هاوکات دەیڕوانی یە تەبایو بەردەوامییو هاریکاریی لەگەڵ گەشەکردنی نوێ لە دەوڵەتی ئومەوی.

لەم کتێبەدا پابەندم بە ڕەچاوکردنی ڕێڕەوی فەرموودەناسان لە ڕەخنەگرتن لە ریوایەتی مێژووی ئەگەر پەیوەندیی هەبێت بە بواری عەقیدەتو شەریعەت، بەڵام ئەو هەواڵانەی کە باس لە فتوحات دەکاتو مەسەلەی دانانی فەرمانڕەواو دادوەرو فەرمانبەر بە پێویستم نەزانی هەمان ڕێڕەوی ڕەخنەی بەکاربهێنم، هەروەها دوور بن لە جیاوازیی و ناتەبایو بوونی نیازی پاك لەلای ئەو کەسانەی ریوایەتەکانیان گەیاندووە، نەوەکو بەشێوەیەك دەستکاریی هەواڵەکان بکەن خزمەتی ڕەوتی بیروبۆچوونو سیاسیی خۆیان بکات، بەم شێوازەش پێشینانی ئەم ئوممەتە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم جۆرە هەواڵانە کردووە، ئەگەر بێت ئەو مەرجانەی بە مەرجیان زانیوە بۆ وەرگرتنی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بە هەمان شێوە جێبەجی بکردایە بە سەر باسە مێژووی یەکان، بەشێکی یەکجار کەم دەمایەوە، هەر بۆیە مێژوو دەمێنێتەوە وەکو زانستێکی سەربەخۆ کەرەستەی تایبەتو ڕێڕەوی ڕەخنەی جیاوازی خۆی هەیە.

خوای گەورەیش ئاگایە لە نیازو مەبەستمان، هەرئەویش پشتیوانو پەروەردگارمانە.

نووسەر

دکتۆر ئەکرەم زیائولعومەیری

مەدینەی منەوەرە

١٧/ذی الحجة/١٤١٤ ك